ئەحمەد میره



# لڤین موفاجەئەی ١٠٩ ساڵەی رۆژنامەگەری کوردی

● هەمیشه هەوڵی ئەوەمان داوه که بازنەی کارکردن لـه گۆڤاری لڤین دا فراوانترو تۆکمەتر بکەین. فراوانی بەئاراستەی ئەوەی که بواری کاری رۆژنامەگەریمان بەرەو زۆر پنتی شاراوه بەرین‌و بۆ خوێنەرانی ئاشکرابکەین، فراوانی به ئاراستەی ئەوەی گۆڤارێکی شایسته پێشکەش به خوێنەرانی شایستەی خۆمان بکەین. تۆکمەیی بەو واتایەی بەردەوام لـەبیری ئەوەداین بازنەی کاری نووسین لـه گۆڤارەکەدا بازنەیەکی تەواوبێت لـه ئاستەکانی تەحریرو بازاڕدا، بەوپێوانەیەی که هەمیشه ناوەرۆکێکی دەوڵەمەند، بازاڕێکی گەوره بۆ کاری رۆژنامەگەری دروستدەکات، بەداخەوه ئەوەی ئەمرۆ لـه رۆژنامەگەریی کوردییدا بەرجەستەیه بریتییه لـەوەی هەرگیز کێرڤی بازاڕ نەبۆته پێوانەی رۆژنامەگەریی لـەبەرئەوەی بازاڕی ئێمه بەردەوام شوێنی فرۆشتنی رۆژنامه لاوازەکان بووه، بەڵام لڤین لـەپاڵ هەندێك رۆژنامەو گۆڤاری تردا حورمەتی گێڕایەوه بۆ فرۆشی بازاڕو ئەوەی داهێنا که گونجاوترین پێوانه ئەوەیه هەرکاتێك بازاڕی فرۆشتنت هەڵکشا ئەوه توانیوته متمانەی جەماوەرو خوێنەرانت بەدەستبهێنیت. شتێکی سانا نییه بۆ گۆڤارێك که تەنها لـەسەر پێی خۆی وەستابێت‌و بەتوانایەکی مادی زۆر خاکیانه بتوانێت لـەماوەی ساڵێکدا تیراژی خۆی لـه ٢٥٠٠ دانەوه بگەیەنێته ٨٠٠٠دانەو پاش هەفتەیەك لـه دەرچوونی لـەبازاڕدا نەمێنێت لـەپاڵ هەڵکشانی تیراژی گۆڤاری لڤین دا بەردەوام تیراژی ئەو رۆژنامەو گۆڤارانەی که بودجەی خەیاڵی‌و تایبەتی حکومەت‌و حیزبیان بۆ سەرفدەکرێت بەرەوخوار دەبێتەوه، گەورەبوون‌و گەشەکردنی گۆڤاری لڤین هەر لـەبازاڕدا نییه، بەڵکو لـه تەحریرو هێزی نووسینیشدایه، ئەوه نییه دەبینین راپۆرت‌و چاوپێکەوتن‌و گۆشەکانی ئەم گۆڤاره توانیویانه دەستکاری زۆر جومگەی پەیوەستدار بەژیانی سیاسی‌و فەرهەنگی کۆمەڵگای کوردی بکەن‌و جێدەستیان دیاربێت لـەسەر رەوتی رووداوەکان‌و زۆرجاریش هەڵوەسته بەپارتی سیاسی‌و بزاوته رۆشنبیری‌و ئەدەبییەکانی ناو کۆمەڵگه بکەن.

لڤین سادەیی لـه دەربڕین‌و قوڵی لـەکاردا کردۆته تیۆری کارکردنی خۆی‌و سەنگی مەحەکی گۆڤارێکی سەرکەوتوو، ئەم روانینەش بوو ئێمەی بەرەو ئەوەبرد که دەستپێشخەر بین لـه هێنانەگۆڕی شێوازێکی تایبەت بەخۆمان لـەکارکردندا که پێشتر بوونی نەبووه، ئەویش بریتیه لـه کاری رۆژنامەنووسی بەدواداچوون، که هەنگاوێك بووه بۆ گواستنەوەی رۆژنامەگەری کوردی لـەناو نووسینگەو سەرمێزەکانەوه بۆ ناوخەڵك‌و سەرشەقامەکان. بەو هەڵسەنگاندنەی که پەتای رۆژنامەگەری کوردی ئەوەبووه بەردەوام حەزی لـەژووری نووسین‌و رقی لـه شەقام‌و ناوخەڵك بووه، ئەمه لـەکاتێکدا رۆژنامەگەری تەندروست هەمیشه قوڕاوییەو رقی لـەمێزو ژووری نووسینه.

لـه گۆڤاری لڤیندا ئەوەمان کرده راستی‌و دژی ئەوه وەستایەنەوه که خوێنەری کورد جوێندۆستەو ئارەزوومەندی خوێندنەوەی ئەو بابەتانەیه که تەشهیر بڵاودەکەنەوه، بەڵکو خوێنەرانی خۆمان تاڕادەیەك بەوه تێرکرد که چێژی خوێندنەوه لـەوەدایه که راپۆرتێك یان چاوپێکەوتن‌و رووداوێکت وەك خۆی پیشانبدات، ئەوەمان کرده واقیع که خوێنەری کورد، خوێنەرێکی ژیرەو دەزانێت پێزی نووسین لـەڕاستیوتندایه نەك لـه تەشهیرو شکاندندا. ئێمه بەم کاره رۆژنامەوانییه رووته، لـەڕووی جەستەییەوه تەواو ماندووین، بەڵام لـەڕووی رۆحییەوه ئاسوودەین، ئەمەش لـەبەرئەوەی بەردەوام گوێمان لـەئێوه دەبێت که پێماندەڵێن "دەستانخۆش، ئێوه تەواو لـەناو بازنەی رۆژنامەگەرییدان، دوورن لـه ترسنۆکی‌و نزیکن لـه خەوەکانی ئێمه". ئەگەر راستیوتن‌و گەیاندنی نەبێت، چۆن ئێمه بەردەوام دەتوانین گەشەبکەین؟ ئەگەر دەستی خوێنەرو بیرگوشینی خۆمان نەبێت چۆن دەتوانین بەردەوام لـەگەڵ ئێوەدابین‌و قسەی دڵی خەڵکی بکەین؟ ئەگەر لڤین خۆی نەبێت بەتەنهاو دوورنەبێت لـه بازنەکانی لایەنداری چۆن دەتوانێت لـەڕیزی هەرەپێشەوەی رۆژنامەو گۆڤاره کوردیەکاندا بێت. هەموو ئەو قسانەی پێشوو ئاماژه نین بۆ ئەوەی که هەگبەکەی ئێمه تەواو پڕەو بازنەکانی کارکردنمان پێویستی به بەهێزکردن نییەو کەلێن لـه کارکردنماندا نیه. نەخێر، ئەوه باش دەزانین سەرەڕای بڕینی هەنگاوگەلی گەوره هێشتا لـه سەرەتاداین‌و زۆرمان ماوه بگەینه لوتکه. بەڵام ئێمه حەزی گەورەمان هەیه بۆ ئەوەی خوێنەرانمان تێربکەین، بۆ ئەمەش چاومان لـەئێوەیه که هاوکاریمان بکەن‌و لـەگەڵماندابن، چونکه ئێمه لـەگەڵ ئێوەداین‌و لـەپێناوی خەوەکانتاندا شەڕدەکەین‌و ماندوو دەبین. لـه کۆتاییدا سەرەڕای پیرۆز راگرتنی یادی ١٠٩ساڵەی رۆژنامەگەریی کوردی، پیرۆزبایی لـه ستافی گۆڤاری لڤین‌و هەموو رۆژنامەنووسانی کورد دەکەین.